# مەرج و بەندەکانی (پاکێجەکانی تەفەوق بۆ هێڵەکانی بازرگانی)

(1) تکایە ئەم بەند و مەرجانە بە وردی بخوێنەرەوە پێش ئەوەی بگەیتە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان و دەتوانیت کۆپییەکی ئەم مەرجانە چاپ بکەیت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەکاریان بهێنیت.

(2) زاراوەی دەستەواژەکانی "بەکارهێنەر، بەکارهێنەران" کە لەم بەند و مەرجانەدا هاتوون ئاماژەن بۆ بەشداربوو/بەشداربووانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ پەیوەندییەکان – پشکداریی تایبەت.

(3) بەند و مەرجەکانو شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە بۆ بەشداربووان دیاریدەکەن. ئەم مەرجانە و هەر مەرجێکی تری تایبەت بە خزمەتگوزاری و گرێبەستی نێوان ئاسیاسێڵ و بەشداربوو، سروشتی پەیوەندیی نێوانیان پێکدەهێنن.

(4) بەکارهێنەرانی ئێستا و نوێی هێڵەکانی پرییەید بۆ کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان، و خاوەن کارەکان، بۆ نموونە "هێڵی کۆنترۆڵ سوپەر"، دەتوانن بەشداری لە پاکێجەکانی ئەعمالی تەفەوق بکەن ئەگەر هاتوو داوای بکەن.

(5) پاکێجەکانی ئەعمالی تەفەوق بریتیە لە شەش پاکێجی مانگانە، کە دەتوانرێت یەکێکیان هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی لە هەموو عێراقدا بەکاربهێنرێت. پاکێجەکان ژمارەیەک دەقەی پەیوەندیکردن، کورتەنامە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی و داتای ئینتەرنێت دەدەن بە بەکارهێنەر لەگەڵ دەقەی پەیوەندی نێودەوڵەتی بە پشتبەستن بە قەبارەی پاکێجەکە هەروەها پێدانی 3500 دەقە بۆ پەیوەندییەکان لەناو هێڵەکانی کۆمپانیاکەدا، کە بۆ ماوەی مانگێک لە ڕۆژی بەشداریکردن یان نوێکردنەوە کارا دەبێت.

| ناوی پاکێج | تەفەوق 15 | تەفەوق 20 | تەفەوق 35 | تەفەوق 50 | تەفەوق 90 | تەفەوق 200 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشداریکردنی مانگانە بە دینار | 15,000 | 20,000 | 35,000 | 50,000 | 90,000 | 200,000 |
| ژمارەی بەشداریکردن بە کورتەنامە بۆ 387 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
| قەبارەی پاکێجی ئینتەرنێت GB | 1 | 2 | 3.5 | 5 | 10 | 20 |
| ژمارەی خولەکەکان بۆ تۆڕە ناوخۆییەکان | 150 | 200 | 400 | 600 | 1,200 | 2,000 |
| ژمارەی نامەکان بۆ تۆڕە ناوخۆییەکان | 150 | 200 | 400 | 400 | 600 | 2,000 |
| دەقەی نێودەوڵەتی* | - | - | - | 30 | 60 | 60 |
| ژمارەی خولەکەکانی ناو هێڵەکانی کۆمپانیاکە | 3,500 | 3,500 | 3,500 | 3,500 | 3,500 | 3,500 |

**تێبینی: پەیوەندی نێودەوڵەتی لە ژمارە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان و ژمارەی مانگی دەستکرد بێبەشە.**

(6) بەکارهێنەر دەتوانێت بڕی ماوە لە پاکێجی هێڵەکەی بزانێت لە ڕێی {USSD} بە کۆدی {#133*} (بێبەرامبەر) ئەگەر هێڵەکە ڕانەگیرابێت.

(7) بەکارهێنەر دەتوانێت بەشداری لە پاکێجەکاندا بکات بە ناردنی کۆدی بەشداریکردنی پاکێجەکە لە نامەیەکدا بۆ ژمارە 387 یان بەکارهێنانی لیستی #387* USSD یان لە ڕێی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلی ئاسیاسێڵ یان بە ناردنی داواکاری چالاککردن بۆ تیمی فرۆشتنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ. بەکارهێنەر ئاگادار دەکرێتەوە لە ڕێی کورتەنامەوە لە ئەنجامی داواکارییەکە ئەگەر ئەوە ڕوویدا.

(8) بەکارهێنەر دەتوانێت لە هەر کاتێکدا بەشداریکردن هەڵبووەشێنێتەوە بە ناردنی 0 بۆ 387 یان بە بەکارهێنانی لیستی #387* USSD و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان، بەڵام یەکەکانی پاکێجە بەکارنەهێنراوەکە دەمێننەوە تاوەکو پاکێجەکە بەسەر دەچێت. بەکارهێنەر ئاگادار دەکرێتەوە لە ڕێی کورتەنامەوە لە ئەنجامی داواکارییەکە ئەگەر ئەوە ڕوویدا.

(9) دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا و بە هەر ژمارەیەک لە پاکێجەکان بۆ هێڵەکانی بەردەست بەشداری بکرێت، هەروەها لە ئەگەری داواکاری بۆ کڕینی زیاتر لە پاکێجێک، بەشداربوو دەبێت پاکێجی ئێستا هەڵبوەشێنێتەوە و بەشداری لە پاکێجی نوێدا بکات.

(10) یەکەکانی تەفوق تەنها لە ناوخۆی عێراقدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، وە دەتوانرێت پاکێجی ڕۆمینگ لە دەرەوەی عێراق بەکاربهێنرێت.

(11) پاکێجی ئەعمالی تەفەوق دوای مانگێک بە شێوەی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە کاتێک باڵانسەکە بەردەست دەبێت، و پاشماوەی پاکێجی پێشوو هەڵدەوەشێتەوە کاتێک کارابیەکەی تەواو دەبێت. بەکارهێنەر بە کورتە نامە پێش نوێکردنەوە ئاگادار دەکرێتەوە.

(12) لە ئەگەری سنووردارکردنی هێڵەکە، نوێکردنەوەی پاکێجی هێڵەکە ڕادەگیرێت تاوەکو باڵانسەکە پڕ دەکرێتەوە، چونکە بەشداربوو ناتوانێت پاکێجەکە بەکاربهێنێت هەتا سنووردارکردنی خزمەتگوزارییەکە لادەبرێت.

(13) نرخی پەیوەندییەکان بەپێی جۆری هێڵەکە حیسابی بۆ دەکرێت لە ئەگەری تەواوبوونی یەکەکانی پاکێجی هێڵەکە، چونکە لە باڵانسی هێڵەکە دەبڕدرێت.

(14) لە ئەگەری چالاککردن/چالاککردنەوە/ناچالاککردنی پاکێجەکە کورتەنامەیەکی ئاگادارکردنەوە بۆ بەکارهێنەر دەنێردرێت.

(15) پێش بەرواری نوێکردنەوەی ئۆتۆماتیکی پاکێجەکە بە دوو ڕۆژ، نامەی ئاگادارکردنەوە بۆ بەکارهێنەر دەنێردرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە باڵانسی پێویستی هەیە بۆ نوێکردنەوەی پاکێجەکە بە سەرکەوتووانە.

(16) بەشداربوو ناتوانێت لە یەک کاتدا بەشداری زیاتر لە یەک پاکێجی چالاک بکات، بەڵام دەتوانێت پاکێجی ئێستا هەڵبوەشێنێتەوە و بەشداری لە پاکێجێکی نوێ بکات کە تەنها پاکێجی نوێ تازە دەکرێتەوە و کارایی هەر پاکێجێک بەپێی ڕۆژی چالاکبوونیەتی.

(17) هێڵەکانی ئینتەرنێتی کۆمپانیاکان و هەروەها هێڵەکانی **ئای کۆنترۆڵ و بزنس پڵەس** بۆ بەشداریکردن لە پاکێجەکانی تەفەوق بەردەست نین.

(18) لە ئەگەری ئەوەی زیاتر لە یەک پاکێج هەبێت، تەنها دوا پاکێج کە بەشداری تێدا کرابێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە.

(19) ئەو یەکانەی پاکێجی بەکارنەهێنراو کە ماونەتەوە ناگوازرێنەوە لە ئەگەری گۆڕینی جۆری هێڵەکە بۆ هێڵێکی جۆرێکی تر کە شایستە نییە یان هێڵێکی بازرگانی نییە.

(20) ئەگەر پاکێجی تر هەبن، بۆ نموونە پاکێجی خێرایی ئینتەرنێت، لە پێشینەی بەکارهێنان بۆ پاکێجی ئەعمالی تەفەوق دەبێت.

(21) لە ئەگەری نوێ نەکردنەوەی پاکێجێکی تەفەوق بەهۆی نەبوونی باڵانسی تەواوەوە، نوێکردنەوەی ئۆتۆماتیکی هەڵدەوەشێتەوە و یەکەکانی پاکێجەکە نادرێت بە بەکارهێنەر و پێویستە بەکارهێنەر دووبارە بەشداری بکاتەوە ئەگەر پێویست بوو، هەروەها بەکارهێنەر ئاگادار دەکرێتەوە لە ڕێی کورتەنامەوە ئەگەر ئەمە ڕوویدات.

(22) بەکارهێنەر بە کورتە نامە ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر یەکێک لە یەکەکانی پاکێجەکە تەواو ببێت، هەروەها ئەگەر نوێکردنەوەی پاکێجەکە سەرکەوتوو دەبێت.

(23) بەکارهێنەر بە کورتە نامە ئاگادار دەکرێتەوە کە ناتوانێت بەشداری لە پاکێجەکەدا بکات لە ئەگەری ئەوەی هێڵەکە پێشتر بەشداری لە پاکێجێکی چالاکدا کردبێت، چونکە دەبێت بەشداریکردنی پێشوو هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ ئەوەی رێگە بە بەشداریکردنی نوێ بدرێت، و تەنها پاکێجی نوێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە.

(24) ئەو کەسە رێگەپێدراوانەی کۆمپانیا کە دەیانەوێت ئەم پاکێجانە بۆ هێڵە پەیوەندیدارەکانیان بەدەست بهێنن دەتوانن پەیوەندی بە بەرپرسی فرۆشتنی کۆمپانیا لە ئاسیاسێڵ بکەن یان پەیوەندی بە سەنتەری خزمەتگوزاری کڕیاران، ژمارە 111 بکەن بێبەرامبەر یان بە ناردنی ئیمەیڵێک بۆ ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

Business.Channel@asiacell.com

(25) بەشداربووان دەتوانن پرسیار لەبارەی ئەم خزمەتگوزارییەوە بکەن بە پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزاری بەشداربووانی کۆمپانیا 323 (بێبەرامبەر).

(26) کوالیتی خزمەتگوزارییەکان هەندێک جار کەوتوتە ژێر هۆکارگەلێکەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئاسیاسێلەوەن. بە رەچاوکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکان، ئاسیاسێڵ ناتوانێت هەموو کات گەرەنتی ئەوە بکات کە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو کاتەکاندا بەردەست دەبن، یان بەبێ هیچ کەموکووڕییەك دەبن کە لە ئەنجامی پچڕان یان وەستانی خزمەتگوزارییەکان سەرهەڵبدات. ڕەنگە هەندێک جار ئاسیاسێڵ کاری چاککردنەوە بۆ تۆڕەکانی ئەنجام بدات و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی پچڕانی خزمەتگوزارییەکان.

(27) بەشداربوو پابەندە بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، و بە گوێرەی یاساکانی عێراق، و بە تایبەتی، خزمەتگوزارییەکان بەکارنەهێنێت بۆ ئەنجامدانی هەر پەیوەندییەکی بێزارکەر، نەشیاو، هەڕەشە یان فریودەر، یان ناردنی هەر کورتەنامەیەکی بێزارکەر یان هەر ئیمەیڵێکی نەخوازراو یان بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری یان هەر کردەوەیەکی تاوانکاری.

(28) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نییە لە کڕینی هیچ سیمکارتێک یان هەر بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی تری ئاسیاسێڵ لە بریکاری بێ مۆڵەت یان هەر کەسێک کە ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئەو کارە.

(29) بەکارهێنەر بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی زانیاری کەسیی ورد و نوێ کە بە بەڵگەنامەی ڕەوا و ڕەسەن (ئەسڵی) پشتگیری کرابێت و وەکو ئەوەی کە لە یاسا کارپێکراوەکان و فەرمان و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی تردا هاتووە کە لەلایەن دەسەڵاتە فەرمیەکانەوە دەرچووە.

(30) بەکارهێنەر دەبێت ئاسیاسێڵ ئاگاداربکاتەوە لە گۆڕانی هەر کام لەو زانیارییە کەسییانەی پێشکەشیکردوون لە ماوەی (3) ڕۆژدا دوای ڕوودانی گۆڕانکارییەکە.

(31) ئاسیاسێڵ بە مافی خۆی دەزانێت گۆڕانکاری بکات لە خزمەتگوزاری، ئۆفەر یان هەر برگەیەکی ئەم بەند و مەرجانە، هەڵیانبوەشێنێتەوە یان دەستکاریان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ بەکارهێنەر(ەکان). لە ئەگەری ئەوەی کە هەریەکێک لەم گۆڕانکاریانە لێکەوتەی نەرێنی بۆ بەکارهێنەر هەبێت، ئاسیاسێڵ پێش جێبەجێکردنیان بەکارهێنەر ئاگاداردەکاتەوە و بەکارهێنەر ئازادە بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە، یان بەشداریکردن لە هێڵێکی تر هەڵبژێرێت.

(32) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نابێت بەرامبەر بە بەشداربوو یان هەر یەکێک لە بەکارهێنەرانی لە هەر لە دەستدانێکی کار، داهات، قازانج، پاشەکەوتی پێشبینیکراو، لەدەستدانی هەر داتایەك، یان هەر زیانێکی ناڕاستەوخۆ یان دەرەنجامێك کە بەکارهێنەر یان بەکاربەرەکەی تووشی بووە.

(33) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەند و مەرجەکانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان، تکایە سەردانی ماڵپەری ئاسیاسێڵ بکەن: [http://www.asiacell.com/](http://www.asiacell.com/).

(34) پێناسەی "ڕۆژ" لەسەر بنەمای کاتی ناوخۆیی عێراقە، لە کاتژمێر12:00:00 نیوەشەوەوە (00:00:00) دەستپێدەکات تاوەکو کاتژمێر 11:59:59 ئێوارە (23:59:59).

(35) ڤێرژنی عەرەبی بۆ لێکدانەوەی ئەم بەند و مەرجانە پشتی پێ دەبەسترێت، و هەروەها بۆ کاروبارە یاساییەکان و کاروبارە هاوشێوەکانی تر، و لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ڤێرژنەکانی تری ئەم بەند و مەرجانە، ئەوا ڤێرژنە عەرەبییەکە کە پشتی پێ دەبەسترێت.

(36) بەکارهێنەر پابەندە بە پێدانی هەموو ئەو بڕە باجانە یان هاوشێوەکانی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر بەکارهێنەردا دەسەپێندرێت لە هەر کاتێکدا لە ماوەی کارایی گرێبەستەکەدا یان ماوەکانی نوێکردنەوەدا، و دەبێت لەلایەن بەکارهێنەرەوە بدرێت بە هەر شێوەیەك کە بەپێی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکرێت.